گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# موناجات و موزیکی سۆفیگەری لە مەولودەکانی شاری هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگی

**ادريس حكيم عبدالرحمن**
بەشی موزیك ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
edris.abdulrahman@su.edu.krd

**د. ئاری کاکل محمد**
بەشی شێوەکاری ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، هەرێمی کوردستان، عێراق
ari.mohmedtaher@su.edu.krd

**پ.د. إحسان شاكر زلزلة**
بەشی موزیك ، کۆلێژی هونەرە جوانەکان ، زانکۆی بەغداد ، بەغداد ، عێراق
ihsan.zalzala@bu.edu.iq

**زانیاریەکانی توێژینەوە**

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن:٢٠٢٣/١/١٢
پەسەندکردن:٢٠٢٣/٣/٢٩
بڵاو کردنەوە:هاوین ٢٠٢٤

**ووشە سەرەکییەکان**
*Monologues, Music, Sufism, Atabic, Birthday*

**Doi:**
10.25212/lfu.qzj.9.2.24

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی موناجات و موزیکی سۆفیگەرییە لە مەولودەکانی شاری هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیدا (522 – 630ك/1128 – 1233ز) ، ئەم جۆرە موزیکە ئاینیە لە شاری هەولێر لە سەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین کوکبوری (563 – 630ك/1168 – 1233ز) پێشکەوتنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیووە .

موناجات و موزیکی سۆفیگەری ڕۆڵێکی گەورەی بینیووە لە گەرم و گوڕکردن و بەردەوام بوونی ئاهەنگەکانی یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) لە شارەکەدا ، موسلمانان تام و چێژێکی زۆریان بینی لەم جۆرە هونەرە ، هۆکارێك بووە بۆ بەرزکردنەوەی باوەڕیان بە خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی.

لە دیارترین تایبەتمەندییەکانی موناجات و موزیکی سۆفیگەری لە مەولودەکانی شاری هەولێر ئەنجامدانی بەشێوەیەکی ئاشکرا و بە دەنگی بەرز بووە ، هەروەها سۆفیەکان بە پێوە و لەگەڵ ئامێری موزیك ئەنجامی دەدەن ، بەشێکیان سەماکردنی سۆفیانەی لەگەڵدا دەکەن.

## 1. پێشەکی :

موناجات و موزیکی سۆفیگەری لە شاری هەولێر لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی ئەتابەگیەکان (522 – 630ك /1128 – 1233ز) ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە زیندوو ڕاگرتنی بۆنە ئاینیەکاندا ، بە تایبەتی لە بۆنەی یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) ، ئەم جۆرە یادکردنەوە لەلای سۆفیەکان بە کۆڕی پەرستن و زیکرکردن دادەنرێت ، پێغەمبەر لەناو دڵی موسڵمانان شوێنێکی گەورەی هەیە ، هەریەکەیان بە جۆرێك خۆشەویستی خۆیان دەردەبڕن ، سۆفیەکان یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) بە شێوازێك دەزانن بۆ نیشاندانی خۆشەویستی و موناجات و موزیکی خۆیان ، ئەمەش لە ڕێگای ئاهەنگێڕان و گۆرانی ووتن و موزیك ژەنین و ناوهێنانی خوای گەورە و ستایش کردن و پیاهەڵدان بەسەر پێغەمبەر ، هەروەها دابەش کردنی خواردن و خواردنەوە و شیرینی بەسەر موسلمانان و هەژاران و کەم دەرامەتەکان

سۆفیەکان ئەم یادکردنەوەیە تەنها لە مزگەوت و خانەقا و تەکیەکان ئەنجام نادەن ، بەڵکو لە شوێنە گشتیەکان و گۆڕەپانەکان ئەنجامیانداوە ، هەروەك سوڵتان موزەفەرەدین لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا ساڵانە لە گۆڕەپانی نێوان قەلای هەولێر و گەڕەکی خانەقا ئەنجامی دەدا ، ئەمەش یەكێك لە تایبەتیەکانی سۆفیەکان بووە لەم یادکردنەوەیە ، هەروەك چۆن بەکارهێنانی ئامێرەکانی موزیك و سەماکردن تیایدا لە تایبەتیەکانی ئەوان بووە .
ئەم توێژینەوەیە دەربارەی موناجات و موزیکی سۆفیگەری لە مەلودەکانی شاری هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیدا ، توێژەر لە ڕووی مێژووی موزیکەوە بابەتەکەی دەخاتە ڕوو ، هەولێکە بۆ زیاتر بایەخدان بەم بوارە لەلایەن شارەزایان و پسپۆران لە توێژینەوەکانیاندا .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 1. ناساندنی موناجات و موزیکی سۆفیگەری :

### 1.1 بنەچەی ناوی سۆفیگەری :

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە بۆچوونی جیاواز دەکەن سەبارەت بە بنەچەی ناوی سۆفیگەری، زۆرینەیان دەیگەڕێننەوە بۆ ووشەی (صوف) ی عەرەبی ، بە واتای (خوری) دێت ، لەبەرکردنی ئەم جۆرە جڵ و بەرگە لەلایەن سۆفیەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێغەمبەران و پیاوچاکان لەبەریان کردووە ، هەروەها بەهۆی ئەوەی جڵ و بەرگێکی چاك و بەهێزە (الطوسي،1960، ص40) ؛ (القشيري،2001،ص312) ؛ (إبن الجوزي،1982،ص181) ؛ (السهروردي،1971،ج1/ص209 – 211) ؛ (إبن خلدون،2001،ص611) .

لە هەمان کاتدا چەند ڕایەکی تر هەیە هەریەکەیان بۆ بنەچەیەك دەیگەڕێنێتەوە ، هەندێکیان پێیان وایە لە

ناوی گروپێکی ئاینی بەناوی (أهل الصفة) یان (أهل صفا) وەرگیراوە ، ئەم گروپە لە هەیوان یان حەوشەی مزگەوتی پێغەمبەری خودا(د.خ) لە شاری مەدینە کۆدەبوونەوە و خواپەرستیان دەکرد ؛ (موفتی،2016،ل17 - 18) ، بەڵام هەندێکی تریان پێیان وایە ئەم ناوە لە نازناوی کەسێك وەرگیراوە بەناوی (غوث بن مر) (إبن الجوزي،1982،ص156 - 157) ؛ (تراسون،2002،ص3 – 4) ؛ (السحمراني،1987،ص17 – 20) .

هەروەها چەند بۆچوونێکی تر هەیە هەریەکەیان بۆ شتێك دەیگەڕێنێتەوە لەوانە بۆ ووشەی (الصفاء) یان (صافي) عەرەبی ، ئەمەش بە مانای پاك و بێگەردی دڵ و دەروون دێت ، یاخود بۆ (الصوفانة) ، ئەمەش ناوی گژوگیایەکی ناسکە ، یان بۆ (صوفة القفا) ، ئەمەش بە مانای ئەو موانە دێت لە پشتی مڵ هەیە (الكلاباذي،1994،ص5) ؛ (القشيري،2001،ص311 – 312) ؛ (قريب الله،2003،ص45) ، هەندێکی تر دەیگەڕێنێتەوە بۆ سۆفیا (sofia) ی سەردەمی یۆنانیەکان (ئیغریقیەکان) ، لە زمانی یۆنانیدا بە مانای دانایی و حیکمەت دێت(تەوەککولی،2015،ل41 – 44) ؛ (فروخ،1947،ص20 - 22) .

چەمکی سۆفیگەری ئیسلامی لە ڕووی دەستەواژییەوە بە مانای پابەند بوون بە ئادابە شەرعیەکان و ڕەوشتە ئیلاهیەکان لە ڕوخسار و ناوەوەدا دێت (إبن عربي،1977،ص28)؛

(القاشاني،1950،ص156) ؛ (میراودەلی،1979،ل44) ، هەروەها دەووترێت ڕێگایەکە بۆ دۆزینەوەی ڕاستی و حەقیقەت ، ئەمەش ئارەزوویەکی خودییە پشت دەبەستێت بە ئەندێشە و تاقیکردنەوە ، سۆفی بەردەوام هەوڵدەدا خۆی بناسێت و بە دوای بنەچەی خۆیدا دەگەڕێت ، وەلامی پرسیارەکانی وەکو: کێ ئەوی هێناوە بۆ ژیان و بۆچی هاتووە و لە کۆتاییدا بۆ کوێ دەچێت دەست بکەوێت(السهروردي،1971،ج1/ص202 – 203)؛ (بەرزنجی،2019،ل18 – 19)؛(شوان،2001،ل17 – 21) . لە هەمان کاتدا ڕێگایەکیشە بۆ پاککردنەوەی دڵ و دەروون بە شێوەیەك جارێکی تر دڵەکەی ناپاك نەبێتەوە بەرامبەر خوای گەورە ، هەروەها زەبوونی و لاوازی ڕووی تێ نەکاتەوە ، بەڵکو بۆ هەمیشە دەست بەرداری خووە ئاژەلیەکان بێت(الهجويري،2007،ج1/ص229 – 234) ؛ (ابراهيم،1989،ص24) ؛ (مەولوود،2004،ل110).

بەم شێوەیە سۆفیگەری ئیسلامی لە سەرەتادا یەکێك بووە لە ڕێگایەکانی پەرستن ، حوکمە شەرعیەکانی دەگرتەوە لە لایەنی ڕۆحییەوە ، بەڵام لە دواییدا مەعریفە و فەلسەفەی نەتەوەکانی کۆنی وەکو یۆنانی و فارسی و بوزی و هیندۆسی و مانەوی و لایەنی ڕۆحانی مەسیحی و یەهودی تێکەڵ بوو(بريل،1998،ص2242 - 2243) ؛ (دهاش،2012،ص68) ؛ (شکار،2009،ل34) ؛ (فتاح،1993،ص78 – 79) .

پاش ئەوەی فەلسەفەی یۆنانی و نەتەوەکانی تر تێکەڵی سۆفیگەری ئیسلامی بوو هەندێك خڵت و خار کەوتە ناو ڕێبازەکە ، لە ئەنجامدا هەندێکیان لە ڕێچکە ڕاست و دروستەکەی ئیسلام دەرچوون و تووشی چەند لادانێك بوون ، ئەوەیان پێچەوانەی سۆفیگەری ڕەسەن و سەرەتای پەیدابوونەکەی بوو (گەیلانی،2003،ل142) ، لەلایەکی تر کاتێك هەندێك بابەت لەلایەن دەروێشەکانی تەریقەت تێکەڵ بە سۆفیگەری کراوە بووە هۆی ئەوەی سەرلێشواوی و سەرگەردانی دروست بکات ، لەبەرئەوە گرنگ و پێویستە ووردی لە زانیارییەکان بکرێت(مەعروف،2012،ل7) .

سۆفیگەری وەکو گروپێکی ئاینی ڕۆحانی تەنها تایبەت نیە بە ئاینی ئیسلام ، بەڵکو لەناو زۆربەی ئاینەکانی تر دەرکەوتووە (فروخ ،1947،ص18) ، لەبەرئەوە هەندێکیان پەیدابوونی

دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتاکانی ژیان(شوان،2001،ل17) ؛ (عفيفي،د.ت. ،ص11 – 15) ؛ (قريب الله،2003،ص25) ، بەڵام سەبارەت بە سۆفیگەری ئیسلامی وەکو بزاڤێکی ڕۆحی لەناو جەرگەی جیهانی ئیسلامی دەرکەوتووە ، لە ئایەت و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) سەرچاوەی گرتووە(الهجويري،2007، ج1/ص27) ؛ (مەعروف،2015،ل23).

بەشێك لە مێژوونووسان سەرەتای پەیدابوونی سۆفیگەری ئیسلامی دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی یەکەمی کۆچی(أمين،1980،ص239) ؛ (بەرزنجی،2019،ل53 – 54) ، بەڵام هەندێکی تر دەیگەڕێننەوە بۆ سەدەی دووەمی کۆچی ، لە کاتێك لەم سەردەمەدا زانایەکی شاری کوفە بەناوی ئەبوهاشم سوفی (150ك/768ز) نازناوی (سوفی) وەرگرتووە(الجامي،1989،ص66 – 67) ؛ (بريل،1998،ص2263) ؛ (کمال،2022، 76/ص110) .

مەڵبەندەکانی سۆفیگەری ئیسلامی لە سەرەتاکانی پەیدابوونی شارەکانی کوفە و بەصرە و بەغداد بوون ، ژمارەیەك لە زانای زاهید و خواپەرست پەیدابوون ، بایەخی سەرەکیان بەلایەنی ڕۆحی بوو ، بۆ نموونە وەکو: پێشەوا حەسەن بەصڕی(110ك/728ز) و رابیعەی عەدەوی(180ك/796ز) و جابر کوڕی حەیانی سوفی(199ك/815ز) و مەعروفی کەرخی(200ك/816ز) و حەللاج(309ك/922ز) و غەزالی(505ك/1111ز) و سەهرەوەردی(632ك/1234ز) و ئیبن عەرەبی(638ك/1240ز) ئەمانە هەموویان گرنگیەکی زۆریان بە ڕۆحی مرۆڤەکان داوە (الطوسي،1960،ص42) ؛ (شاکەلی،2019،ل151) ؛ (عروسي ،2015،ص39) ؛ (قريب الله،2003،ص43 – 45). سۆفیگەری ئیسلامی لە مێژووی خۆیدا بە چەند قۆناغێکی جیاواز تێپەڕبووە ، سەدەی یەکەمی کۆچی ناسراوە بە سەردەمی زاهید و عابدەکان ، سەدەی دووەمی کۆچی بە سەردەمی سۆفیەکان ناسراوە ، لە سەدەی سێیەمی کۆچی فەلسەفە تێکەلی سۆفیگەری بوو ، لە سەدەی چوارەم ڕێگا و تەریقەت لەناو سۆفیگەری پەیدابوون(ئیسماعیل،2018،ل32 – 34)؛(حسان،1954،ص55 – 60)؛(مولاي،2012، 7/ ص139 – 140) .

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە خێرا بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆفیگەری لە ناوچە کوردییەکان و بە تایبەت لە شاری هەولێر دەکەن ، لە ئەنجامی نزیکی ئەم ناوچەیە لە شارەکانی

بەغداد و کوفە و بەصرە ، سەرەتای بڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی سۆفیگەری لە ناوچە کوردییەکان و شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی سێیەمی کۆچی / سەدەی نۆیەمی زاینی ، دەرکەوتنی ڕێگا و تەریقەتەکانی سۆفیگەری لە ناوچەکەدا لە سەدەی چوارەمی کۆچی / سەدەی دەیەمی زاینی بوو(شوان،2014،ل51) ؛ (مەعروف،2015،ل27).

بیروباوەڕی سۆفیگەری لە سەردەمی سوڵتان موزەفەرەدین کوکبوری(563 – 630ك/1168 – 1233ز) لە شاری هەولێر گەش و نمایەکی زۆری کرد ، ئەم سوڵتانە پیاوێکی ئایین پەروەر بووە و بیروباوەڕی سۆفیگەری هەبووە ، بایەخێکی زۆری بە سۆفیەکان دەدا ، لەبەرئەوە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە سۆفی لە جیهانی ئیسلامی ڕووی لە شاری هەولێر کردووە ، تەنانەت ژمارەیەك لە خانەقا و ڕیباتی لە شارەکە دروستکردووە ، لەوانە: خانەقای هەولێر (ئەربل) و ڕیباتی جنینە و خانەقای سوفیە و خانەقای قایماز و ڕیباتی موجاهیدی ڕیباتی زاهید و ڕیباتی (منظرة) و زاویەی ئەحمەد خەررات و زاویەی بەستیی و زاویەی غورەبا(إبن المستوفي،1980،ق1/ص387 ، 396، 410) ؛ (ئیسماعیل،2018،ل50 – 52) .

بەشێك لە شاعیر و ئەدیبەکانی کورد ڕۆڵێکی گەورەیان بینیووە لە بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی سۆفیگەری لە کۆمەڵگای کوردی ، بە تایبەتی لە سەدەی چوارەمی کۆچی/دەیەمی زاینی ، بۆ نموونە چوارینەکانی بابا تاهیری هەمەدانی(324-401ك/935-1010ز) بەشێوە زاری لوڕی دانراوە بەسەر مەشقی بڵاوبوونەوەی بیری سۆفیگەری دادەنرێت لە ئەدەبی کوردیدا(شوان،2001،ل9) ؛ (مەعروف،2012،ل7) ؛ (مەلوود،2004،ل111) .

کۆمەڵگای کوردی وەکو کۆمەڵگاکانی تری ئیسلامی ژمارەیەك لە شێخ و مورید و خانەقا و تەکیەی سۆفیەکانی تیایدا پەیدابوو ، هەروەها ژمارەیەك لە ڕێگا و تەریقەتی سۆفیگەری تیایدا دەرکەوتووە ، تەریقەتی قادری لە سەدەی پێنجەمی کۆچی پەیدابوو ، ڕابەرەکەی شێخ عەبدولقادر گەیلانی(561ك/1166ز) بوو(مكي،1991،ص100) ، لە سەدەی حەوتەمی کۆچی چەند تەریقەتێك پەیدابوون وەکو شازلی و نوربەخشی و عەلەوی و خەلوەتیە(بەرزنجی،2002،ب1/ل57 – 80) ؛ (عەلی،2013،ل31 – 32) ؛ (وەزیری،2009،ل158 ، 160 ،214) ، لە سەدەی هەشتەمی کۆچی نەقشبەندی و نیعمەت

ئیلاهی و خاکسارییە و حروفیە پەیدابوون(شوان،2021،ل17 ،56 – 73) ؛ (مەعروف،2015،ل22 – 33) ؛ (مەولوود،2004،ل111) .

یەکێك لە کوڕەکانی شێخ عەبدولقادری گەیلانی ڕابەری ڕۆحی تەریقەتی قادری ناوی (عەبدولعەزیز) بوو ، سەرکردەی سەربازی سوپای سەلاحەدینی ئەیوبی بوو ، لە ساڵی (580ك/1183ز) دا بەشداری کردووە لە رزگارکردنی شاری عسقلان لە دەستی خاچ پەرستان ، پاش تەواو بوونی جەنگ گەڕاوەتەوە بۆ شاری ئاکرێ لە باکووری شاری هەولێر ، دەستی کردووە بە خواپەرستی و تەریقەت(التاذفي ،1956،ص43) ؛ (گەیلانی،2003،ل249) ؛ (مەعروف،2015،ل35).

لە ئەنجامی پەیدابوونی ڕێگا و تەریقەتەکانی سۆفیگەری دانیشتوانی شاری هەولێر لە ڕووی ئاینییەوە دابەش بوون ، بەشێکیان ئەوانەی دەگرتەوە لە مزگەوت و قوتابخانە ئاینیەکان بوون ، بەشەکەی تر سۆفیەکان بوون لە تەکیە و خانەقاکان(مەعروف،2015،ل22) ، لە سەرەتاکانی دەرکەوتنی سۆفیگەری دووچاری ڕەخنەگرتن و دژایەتیکردن بوویەوە ، بە تایبەت لەلایەن زانایانی ئاینی و فیقهزانان ، وەکو ڕەوتێکی دەرچوو لە شەریعەت و ئاینی ئیسلام سەیریان کردووە ، ئەمەش وایکرد ڕەوتێکی دژایەتی کردن لە بەرامبەر سۆفیگەری لە کۆمەڵگای کوردیدا دروست بێت(لەشکری،2021،ل39 – 40) .

### 2.1 موناجاتی سۆفیگەری :

موناجات دەستەواژەیەکی عەرەبیە بە مانای بانگکردن یان هانابردنی کەسێك بۆ یەکێکی تر دێت، یاخود قسەکردن و گفتوگۆکردنی یەکێك لەگەڵ یەکێکی تر بێ ئەوەی یەکێکی تر لە نێوانیان هەبێت (إبن منظور،د.ت.،ج15/ص308) ، ئەم موناجاتە یەکێکە لە ئادابەکانی سۆفی لە ووتووێژکردنی لەگەڵ خوای گەورە ، داواکردن و پاڕانەوە لە خوای گەورە بەشێوەی ڕەوانبێژی و پەخشان ، هونەری موناجات جۆرێکە لە ئەدەب لەلایەن سۆفیەکان داهێنراوە ، هیچ ئەدیب و شاعیرێك لەم جۆرە هونەرەی نەبووە ، هەروەها بە بابەتێکی گرنگی خۆشەویستی خواوەند (ئیلاهی) دادەنرێت ، ئەم هونەرە خۆی دەبینێتەوە لە خۆشەویستی خواوەند و نزاکردن و

پاڕانەوە(دوعاكردن) و زیكركردن (جريوي،2013،ص60) ؛ (حسان،1954،ص278) ؛ (خفاجي،د.ت.،ص113) .

موناجاتی سۆفیگەری ئەو گۆرانی و سروودانە دەگرێتەوە لەلایەن مەولودخوێنەكان لە ئاهەنگەكانی یادكردنەوەی لە دایكبوونی پێغەمبەر (مەولود) دەووترێتەوە ، هەروەها ئامێری موزیكی تیایدا بەكاردێت ، یەكێك لە جیاوازەكانی نێوان موناجاتی سۆفیگەری و گۆرانیە ئاینیەكان لە ئەوەدایە موناجات بە زۆری بە كۆمەڵ (گروپ) ئەنجام دەدرێت ، بەڵام گۆرانیە ئاینیەكان زیاتر لەلایەن یەك كەس جێ بەجێ دەكرێت ، هەروەها موناجات دەقێكە لەلایەن خاوەنەكەی بە زمانێكی زۆر جوان و بە ئەدەب و خۆشەویستی بۆ خواوەندی خۆی و پێغەمبەرەكەی دادەنرێت ، ئەمەش لە شیعری زۆربەی شاعیرانی سۆفی بە ڕوونی دەردەكەوێت (عەبدوللا، 2017،ل79) .

### 3.1 موزیكی سۆفیگەری :

موزیك هەستێكی دەروونیە لە ڕێگای زمانێكی سادە و ئاواز و ژەنینی ئامێرێك ئەوەی لە ناخی دایە دەریدەخات(الصفدي،1991،ص107 – 108) ، زمانێكی ئاوازییە هەروەك چۆن زمانی ئاخاوتنی ئاسایی بۆ ڕێنووسی ووشە و ڕستە و بابەت و ڕاپۆرت هەیە ، هەروەها زمانی موزیك بۆ نووسینی ئاواز و هێمای تایبەت هەیە ، ئەمانەش بە نیشانەكان و دەنگەكانی موزیك یان پلیكانەی موزیك ناو دەبرێت (محەمەد،2010،ل9). بێگومان موزیك كێش و ترپە و ڕێكخستنی دەنگەكان دەگرێتەوە ، لە بواری ئەدەب و شیعردا بایەخێكی گەورەی هەیە ، ئەگەر شیعر كێشی نەبوو موزیكیشی نابێت ، هەر بەرهەمێكی ئەدەبی موزیكی لەگەڵ نەبوو بە شیعر دانانرێت ، شیعری ڕوون و ڕەوان لە ڕووی موزیكەوەیە ، لە ڕووبارێك دەچێت ڕێڕەوی سروشتی خۆی گرتبێت ، چونكە موزیك گیان و كاكڵەی شیعرە ، چەند زمان یاخود هزر و بیرۆكەی شیعر گرنگە ئەوەندەش موزیكەكەی گرنگە ، ووشەكان وەكو تالی ئامیری موزیكە تاڵ دارەكان وایە ، موزیك هەناسەی شیعرە ، ئەو هەناسەی لە دەمی شاعیرەكە دەردەچێت(بێدار ، 2013،ل77 – 78)

موزیكی سۆفیگەری بەشێوەیەكی گشتی دوو لایەن دەگرێتەوە ، یەكەمیان پێی دەووترێت: بیستن یان گوێگرتن (سەماع) ، ئەویش زیكرێكی ئاینیە بەشێوەی خولانەوە ئەنجام دەدرێت ،

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە یاوەری ئامێرەکانی موزیك وەکو دەف و تەپڵ و نەی و قانون ، ئەم شێوازە تەنها لەلایەن پیاوانەوە دەکرێت ، دووەمیان ناسراوە بە (ئیلاهی) ، ئەمەیان شیعرێکی سۆفیانەیە باس لە سیفاتەکانی خوای گەورە دەکات و ستایش و پیاهەڵدان (مەدح) بەسەر پێغەمبەری تێدایە ، بەم شێوەیە ئەم جۆرە موزیکە بریتیە لە موزیکێکی رۆحی ئیلاهی ، مرۆڤەکان لە ڕێگای دەنگ و ئاواز دەبەستێتەوە بە جیهانی دوور لە ماددی ، ئەمەش لە موناجات کردن و سروود و گۆرانی ئاینی و بانگدان و ئەلقەکانی زیکر و قورئان خوێندنەوە پەیڕەو دەکرێت(شميل،2020،ل335 – 340) ؛ (فؤاد،1997،ص81 – 82) ؛ (المدني،2014،ص60) ؛ (المعبدي،2008،ص320) .
شارەزایانی موزیکی ئاینی کۆکن لەسەر ئەوەی بیستن و گوێگرتن (سەماع) لایەنی گۆرانی و موزیك و سەماکردنی سۆفیانە و شیعر و قورئان خوێندنەوە و شێوەکانی بانگدان کۆڕەکانی زیکرکردن دەگرێتەوە ، ئەم بابەتەش لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێگا و تەریقەت لەناو سۆفیگەری گەشەی کردووە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەموو تەریقەتەکانی سۆفیگەری یەك نین لەسەر ئەم بابەتە ، هەندێکیان بە ڕێگا پێدراو و گرنگی دەزانن ، هەندێکی تریان ڕەتی دەکەنەوە(بدوي،1975،ص19) ؛ (حسان،1954،ص85 – 86) ؛ (غني،2017،ص432) ؛ (فؤاد،1997،ص19 – 21) .
گۆرانی و موزیك لەلای سۆفیەکان بەرزکردنەوەی دەنگە بەشێوەیەکی ڕێکخراو ، بەکارهێنانی ئامێری موزیك تێدایە ، ووشەکان لە شیعری ئاینی وەرگیراون و لەسەر کێش و سەروا دانراون ، ریتم و ئاوازی بەچێژی لەگەڵدایە ، لە ئەنجامدا موزیکی سۆفیگەری پێکدێت(الصبار،2010،ص27) ؛ (قنديل،2004،ص8 – 9) .

### 4.1 پەیدابوونی موناجات و موزیکی سۆفیگەری :

سۆفیگەری ئیسلامی لە سەرەتای پەیدابوونیەوە بە زوهد دەستی پێکرد ، بە واتای پشت کردنە دونیا و خۆیەکلاکردنەوە بۆ خواپەرستی ، بەڵام لە دواییدا ئەوانەی درێژەیان بە ڕێبازەکە داوە ئەم بیروباوەڕەیان تێکەلی فەلسەفە و مەعریفە و بابەتی بیستن و گوێگرتن (سەماع) کردووە ، واتا گۆرانی و ژەنینی ئامێری موزیك و سەماکردن لەلایەن سۆفیەکان ، ئەمەش ناسراوە بە موناجات و موزیکی سۆفیگەری ، ئەم بابەتەش لەگەڵ دەرکەوتنی ڕێگا و تەریقەتەکانی

سۆفیگەری پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیووە ، بایەخی زیاتری پێدراوە(إبن الجوزي،1982،ص156) ؛ (فروخ،1947،ص17 – 18).

بەشێك لە سۆفیەکان بابەتی بیستن و گوێگرتن (سەماع) بە کاری خواپەرستی دەزانن ، لەبەرئەوەی تیایدا باس لە سیفاتەکانی خوای گەورە و ستایش و پیاهەلدان بەسەر پێغەمبەر هەیە ، موناجات و گۆرانی و موزیك بە هۆکاری جێگیربوونی دڵەکان و دەروونەکان لەسەر باوەڕی پتەو دادەنێن ، هەروەها لایەنی دەنگ و ئاواز بە هۆکارێکی گرنگ دەزانن بۆ بەهێزکردنی لایەنی ڕۆحی و دەروونی خۆیان ، لەبەرئەوە دەنگ خۆشی لەلای سۆفیەکان بایەخی زۆری پێدراوە ، بە تایبەت لە کاتی قورئان خوێندنەوە و بانگدان و موناجات کردن و گۆرانی ووتن ، ئەمەش لە بۆنە ئاینیەکان و ئاهەنگێڕان بە بۆنەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) زۆر بە ڕوونی دەردەکەوێت(الطوسي،1960،ص338 – 339) ؛ (حسان،1954،ص80 – 83) .

سەرەتاکانی پەیدابوونی موناجات و موزیکی سۆفیگەری لە شاری هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی (604ك / 1207ز) ، ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار ئاهەنگێڕانی یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) لە شاری هەولێر لەلایەن سوڵتان موزەفەرەدین کوکبوری بە فەرمی سازکراوە ، هەروەها هێنانی ژمارەیەك لە مەولودخوێن و گۆرانی بێژ و موزیکژەن لەلایەن سوڵتان بۆ بەڕێوەبردنی ئاهەنگەکە لە شارەکەدا ، ئەمانەش هەمووی دەتوانرێت بە سەرەتای دەرکەوتنی موناجات و موزیکی سۆفیگەری دابنرێت لە شارەکەدا(القصاب،2020،ص63 ، 109 – 110)

هەروەها دەرکەوتنی ژمارەیەك لە تەریقەت و ڕێبازی سۆفیگەری لە ناوچە کوردنشینەکان لە سەدەی چوارەمی کۆچی گوڕ و تینێکی زۆری بەخشی بە گەشەسەندنی موناجات و موزیکی سۆفیگەری لە ناوچەکەدا ، چونکە زۆربەی ئەو تەریقەتانەی لەناو کورد پەیدابوون باوەریان بەم لایەنە هەبوو ، بۆ نموونە دەرکەوتنی تەریقەتی قادری لە شاری هەولێر لە ئەو سەردەمەدا موناجات و موزیکی سۆفیگەری لە شارەکە بەرەوپێش بردووە(مەعروف،2015،ل38 – 40) .

زانا و شاعیری سۆفیگەری جەلالەدین ڕۆمی (604 – 672 ك / 1207 – 1273ز) هەڵساوە بە دانانی کتێبی (مەثنەوی) لە ووڵاتی ڕۆم ، تیایدا ژمارەیەك لە شیعری داناوە بۆ خۆشەویستی پێغەمبەر (د.خ) ، ناسراوە بە بنەماکانی چل عشق ، هەروەها قوتابخانە و تەریقەتێکی بە ناوی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

(مەولەوی) دروستکرد ، ئەم زانایە بە بنەچە خەڵکیووڵاتی فارس بوو ، لە دواییدا کۆچی کردووە بۆ ووڵاتی ڕۆم ، کەسێك هەبوو بە ناوی (شمس الدين تەورێزی) نزيك بووە لە ڕۆمی ، کاتێك ئەم پیاوە لە ساڵی (643 ك / 1246ز) لە بەرچاوان وون دەبێت ڕۆمی بەم ڕووداوە زۆر دڵتەنگ دەبێت ، لە پێناو زیندووکردنەوەی یادەکەی هەڵساوە بە دانانی ئەم تەریقەتە ، لەم یادە موناجات و گۆرانی ئاینی و سەماکردنی سۆفیانە ئەنجام دەدرا ، ئەم تەریقەتە سەرمەشقی داهێنانی سەمای سۆفیانە بوون(الحفني،1992،ص183 – 184) ؛ (فروخ،1947،ص84) .

**2. یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) لە شاری هەولێر :**

**1.2 ناساندنی مەولود :**

دەستەواژەی مەولود ووشەیەکی عەرەبییە ، بە مانای لە دایکبوون دێت ، بەکاردێت بۆ بۆنەی لە دایکبوونی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ.) ، لە دایکبوونی لە ڕێکەوتی (12) مانگی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (571) زاینی لە شاری مەککە بوو ، زۆربەی موسلمانان ساڵانە لەم ڕێکەوتە یادی لە دایکبوونی پێغەمبەر دەکەن ، ئاهەنگ دەگێڕن و دلخۆشی خۆیان دەردەبڕن و شیرینی و خواردن و خواردنەوە بەسەر خەڵکی دابەش دەکەن ، هەروەها ژیاننامەی پێغەمبەر دەخوێندرێتەوە و باس لە بەسەرهات و کارەکانی دەکرێت ، فەرموودەکان و ئامۆژگارییەکانی بۆ موسلمانان دەخرێتە ڕوو (السیوطي،1985،ص9)؛(حسين الشيخ،1993،ص15)؛(مدرس،1982،ل11).

پێغەمبەر موحەممەد کوڕی عەبدوللای کوڕی عەبدولموتەلیب کوڕی هاشم لە هۆزی قورەیش بوو ، لە تەمەنی چڵ ساڵی سروش (وەحی) بۆ دابەزی و بوو بە دوایەمین پێغەمبەر ، ماوەی یانزە ساڵ لە پێغەمبەرایەتی دابەش دەبێت بۆ دوو سەردەمی جیاواز ، ماوەی یەکەمیان هەشت ساڵی خایاند سەردەمی شاری مەککە دەگرێتەوە ، دووەمیان سێ ساڵی خایاند سەردەمی شاری مەدینە دەگرێتەوە ، لە هەردوو سەردەمەدا پێغەمبەر خەریکی بلاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام و دامەزراندنی دەوڵەت بوو ، پاش تەواو بوونی ئەرکەکەی لە ڕۆژی دووشەممەی (12)ی ڕەبیعی یەکەمی ساڵی (11 ك / 632ز) لە تەمەنی (63) ساڵی کۆچی دوایی کرد(إبن هشام،1989،ج1/ص183 – 270) ؛ (مدرس،1982،ل32،94) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## 2.2 سەرەتاکانی پەیدابوونی یادکردنەوەی لە دایکبوون (مەولود) :

یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) لە سەردەمەکانی پێغەمبەر و راشیدی و ئەمەوی نەکراوە ، بەڵکو ماوەیەکی زۆر دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر ئەم یادکردنەوە پەیدابوو ، هەندێك لە سەرچاوە مێژووییەکان دەیگەڕێننەوە بۆ سەردەمی فاتیمیەکان ، کاتێك ئەم یادکردنەوەیان کرد بە بۆنەیەکی فەرمی لە دەوڵەت ، یەکەم یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر لە سەردەمی المعزلدين الله(341 – 365ك /952 – 975ز) ئەنجامدراوە(المقريزي،1998،ج2/ص436) ؛ (خادم سوجادە،2021،ل9) ؛ (صالح،2011،ل81) ؛ (محمد،2017،ص510) .

بەڵام ماوەیەك ئەم یادکردنەوە ڕاگیرا لە دەوڵەتی فاتیمی ، لە دواییدا جارێکی تر لە ساڵی (510ك / 1122ز) دا لە سەردەمی سەرکردە فاتیمیەکان الآمر بأحكام الله(495ك - 524ز / 1101 – 1130ز) ئەم یادکردنەوەیە زیندوو کرایەوە ، لەم سەردەمەدا بەشێوەیەکی فەرمی لەسەر ئاستی دەوڵەت سالانە ئەم یادکردنەوەیە دەکرایەوە ، ئاهەنگ ساز دەکرا و شیرینی و پارە بەسەر هەژاران دابەش دەکرا ، لە مزگەوتەکان ژیاننامەی پێغەمبەر (د.خ) دەخوێندرایەوە(حدود،2020، 29/ص430) ؛ (السندوبي،1948، ص62 – 65) ؛ (المطيعي،1911،ص59 – 61) .

هەندێك لە مێژوونووسان پێیان وایە یەکەم کەس ئەم یادکردنەوەی کردبێت زانایەکی کوردی شاری هەولێر بووە ، بەناوی شێخ موعینەدین عومەر کوڕی موحەممەد ئەربیلی ، لە سەردەمی ئەتابەگیەکان لە شاری موسل ژیاوە ، لە ساڵی (570ك / 1174ز) دا کۆچی دوایی کردووە ، ئەم پیاوە زانایەکی بەناوبانگی سەردەمی سەلاحەدینی ئەیوبی بووە(أبوشامة،1981،ص21) ؛ (موفتی،2012،ل129) .

بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە یەکێك لە سولتانەکانی سەردەمی سەلاحەینی ئەیوبی بەناوی موزەفەرەدین کوکبوری (563 – 630ك / 1167 – 1233ز) فەرمانڕەوای شاری هەولێر یەکەم کەس بووە ئەم یادکردنەوەی ئەنجام دابێت ، کاتێك لە رۆژی (12) ی رەبیعی یەکەمی ساڵی (604ك / 1207ز) لە شاری هەولێر ئاهەنگەکەی کرد ، ئەم یادکردنەوەیە لەم کاتەوە ساڵانە لە

شارەکە دەکرایەوە(السیوطي،1985،ص42) ؛ (ابراهیم،1989،ص40) ؛ (السیابي،2005،ص4) ؛ (المطیعي،1911،ص64) .

سەبارەت بە پەیدابوونی ئەم بیرۆکەیە لەلایەن سولتان موزەفەرەدین کوکبوری مێژوونووسان بوون بە دوو بەش ، هەندێکیان پێیان وایە لە زانا کوردەکە شێخ عومەری وەرگرتووە ، لە سەردەمی ئەتابەگیەکان پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان هەردوو شاری هەولێر و موسل هەبووە(إبن دحیة،2020،ص60) ؛ (أبوشامة،1981،ص21) ؛ (موفتی،2012،ل130) ، بەڵام بەشێکی تر پێیان وایە سولتان ئەم بیرۆکەی لە مەسیحیەکانی شام وەرگرتووە ، کاتێك سولتان لەگەڵ سوپای ئەیوبیەکان بەشداری جەنگەکانی خاچ دروشمانی کردووە ، بینوویەتی مەسیحیەکان سەری ساڵی زاینی بە بۆنەی لە دایکبوونی حەزرەتی مەسیح ئاهەنگ دەگێڕن ، لەم کاتەدا بڕیار دەدات کاتێك دەگەڕێتەوە بۆ هەولێر بۆ لە دایکبوونی حەزرەتی موحەممەد (د.خ) ئاهەنگ ساز بکات(متز،2008،ج2/ص250) .

### 3.2 یادکردنەوەکانی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) لە هەولێر :

لە سەردەمی ئەتابەگیەکان سالانە یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر لە شاری هەولێر ئەنجامدراوە ، سەرەتا لە سەردەمی سولتان موزەفەرەدین کوکبوری (563 – 630ك / 1167 – 1233ز) دەستی پێکرد و شێوەی بۆنەیەکی فەرمی لەسەر ئاستی دەولەت وەرگرت ، سولتان بۆ یەکەمجار لە ساڵی (604ك / 1207ز) ئەنجامی داوە ، بووە نەریتێك سالانە ئاهەنگی گەورەی بۆ کراوە(إبن دحیة،2020،ص19 – 20) ؛ (السیوطي،1985،ص44) ، (سەید برایم،2014،ل73) ؛ (الصقار،1992،ص80) . بۆ ئەم مەبەستە هەموو سالێك لە رێکەوتی لە دایکبوونی پێغەمبەردا سولتان میر و دەسەلاتدارێکی زۆری دەوروبەری شارەکەی بانگهێشت دەکرد بۆ ئاهەنگەکە ، خوانی گەورەی بۆ هەژاران و کەم دەرامەتەکان ئامادەکردووە ، لە پێناو خۆشەویستی پێغەمبەر لەم رۆژەدا خێر و خێراتێکی زۆری دەکرد ، موناجات و موزیکی ئاینی لەم بۆنەیدا لەلایەن سۆفیەکان پێشکەش کراوە(إبن خلكان،1978،ج4/ص117) ؛ (إبن كثیر،1998،ج17/ص204 – 205) ؛ (السیوطي، 1985، ص42).

هەموو ساڵێك دوو مانگ پێش هاتنی مانگی مەولود سولتان دەستی بە ئامادەكارییەكان دەكرد بۆ سازكردنی ئاهەنگ لە شاری هەولێر ، لە سەرەتای مانگی موحەڕەم دەستی دەكرد بە پێشوازی كردن لە میوانەكان ، ئەوانەی لە ناوچەكانی نزیك لە هەولێر لە موسل و شەنگال و بەغداد و نصیبین و فارس دەهاتن ، بۆ ئەم مەبەستە سالانە ژمارەیەكی زۆر لە فیقهناس و زانای سۆفی ڕوویان لە شارەكە دەكرد ، هاتنی میوانەكان تاوەكو سەرەتای مانگی ڕەبیعی یەكەم بەردەوام دەبوو(إبن خلكان،1978،ج4/ص117) ؛ (المطيعي،1911،ص68 – 69) ، لە هەمان كاتدا داوەتنامەی بۆ ژمارەیەك لە شاعیر و قورئان خوین و سروودبێژ و دەنارد تاوەكو لە ئاهەنگەكە بەشداربن ، شوێنی حەونەوەی بۆ هەموو میوانەكان دابین كردووە(سبط ابن الجوزي، 2013،ج22/ص323) ؛ (حسين،1976،ص202 – 203) .

سولتان بیروباوەڕی سۆفیگەری هەبووە ئەمەش وایكردووە سۆفیەكانی خۆش بووێت و بایەخی زۆریان پێ بدات ، سالانە ژمارەیەكی زۆر لە سۆفی بەرەو شاری هەولێر دەهات تاوەكو بەشداری ئاهەنگی مەولود بكات ، خەرجی مانەوە و گەشت كردنی ئەوانی لە ئەستۆ گرتبوو ، شوێنی حەوانەوەی بۆ دابین كردبوون ، یەكێك لە ئەو شوێنانەی بۆ ئەوانی دروست كردبوو نزیكەی (200) سۆفی لەخۆیەوە دەگرت(القزويني،د.ت،ص290) ؛ (الصقار،1992،ص72 – 78) ؛ (القصاب،2020،ص71).

لە هەمان كاتدا پێش ڕۆژی مەولود ژمارەیەك لە كرێكاری شارەزای هێناوە بۆ شارەكە تاوەكو گۆڕەپانی ئاهەنگەكە ئامادە بكەن ، بۆ ئەم مەبەستە چەند گومەزێكی لە دار دروستكردووە ، هەر گومەزێك لە چوار تاوەكو پێنج چین پێك دەهات ، ژمارەی گومەزەكان بیست دانە بووە ، یەكێك لە گومەزەكان بۆ سولتان بوو ، ئەوانی تر بۆ میرەكانی تری ناو ئەتابەگیەكە بوو ، ئەم گومەزانە لە یەكی مانگی سەفەر دەست دەكرا بە ڕازاندنەوەی بە جوانكاریەكان ، لە هەر چینێك لە گومەزەكان ژمارەیەك لە ئاهەنگ گێڕەكان دادەنیشتن بۆ ساز كردنی موناجات و گۆرانی لەسەر مەولود ، ئەم گومەزانە لە بەردەم دەرگای قەلا تاوەكو دەگەیشتە بەردەم دەرگای خانەقا دادەنرا(إبن خلكان،1978،ج4/ص117) ؛ (المطيعي،1911،ص68 – 69) .

سوڵتان هەموو رۆژێك لە پاش نوێژی عەسر دادەبەزی بۆ گۆڕەپانەکە ، هەموو گومەزەکانی بەسەر دەکردەوە ، گوێی لە گۆرانی و موناجات و سروود و قورئان خوێندن و زیکرکردنی سۆفیەکان دەگرت ، لە شەودا دەگەڕایەوە بۆ قەلا ، هەموو رۆژێك لە دوای نوێژی بەیانی سواری ووڵاغەکەی دەبوو بەرەو ڕاوکردن دەچوو ، لە پێش نوێژی نیوەڕۆ دەگەڕایەوە ، دوو رۆژ پێش رۆژی مەولود هەموو ئامادەکارییەکانی تەواو دەکرد(القزويني،د.ت،ص290) ؛ (حسين،1976،ص203) ، رۆژێك پێش مەولود ژمارەیەك لە ئاژەڵ وەکو حوشتر و مانگا و مەڕ و مالاتەکان و پێداویستیەکانی مەولود لە گۆڕەپانی ئاهەنگ دادەنرا ، هەروەها مەولودخوێنەکان و سروودبێژ و گۆرانی بێژەکان و قورئان خوێنەکان ئامادە کارییەکانی خۆیان تەواو دەکرد(إبن خلكان،1978،ج4/ص117) ؛ (طليمات،1964،ص205 – 206) ؛ (المطيعي،1911، ص68 – 69) .

لە دوای نوێژی مەغریب رۆژێك پێش مەولود لە دەرگای قەلاوە تاوەکو دەرگای خانەقا بە داگیرساندنی مۆم ناوچەکە دەرازاندرایەوە ، لە رۆژی مەولود لە دوای نوێژی بەیانی سولتان بەخۆی و گەورە پیاوەکانی دەوڵەت لە قەلا دادەبەزین بۆ گۆڕەپانی ئاهەنگەکە ، هەمووان جڵ و بەرگی جوانیان لەبەردەکرد ، سولتان و میرەکان شوێنی تایبەتیان هەبوو ، خەڵکە گشتیەکەش شوینی خۆیان هەبوو(إبن خلكان،1978،ج4/ ص118) ؛ (سبط إبن الجوزي،2013،ج22/ص323) ؛ (حسين،1976،ص203 – 204) .

پاش تەواو بوونی هەموو ئامادەکارییەکان لە بەیانی رۆژی (12) ی مانگی رەبیعی یەکەم بە خوێندنەوەی چەند ئایەتێك لە قورئانی پیرۆز یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) دەستی پێکرد ، ئینجا مەولود خوێنەکان دەستیان دەکرد بە ستایش کردن و پیاهەڵدان بەسەر پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) ، پاش تەواو بوونی مەلود خوێنەکان میوانان دەرۆیشتن بۆ نان خواردن ، بۆ ئەم مەبەستە خواردنێکی زۆر لە ڕۆژی مەولود دروست دەکرا ، سەرچاوەکان ئاماژە بە دەوروبەری (100) ئەسپ و (5000) مەڕ و (10000) مریشك و (30000) سینی پاقلاوە و (100000) تەنەکە ڕوون دەکەن ، خواردنەکان گەلێك زۆر بوون بەشێوەیەك بەشی هەمووانی دەکرد ، ئەو زیادەی دەمایەوە بۆ رۆژی دواتر بەسەر هەژاران دابەش دەکرایەوە ، بەم شێوەیە

سولتان سالانە (300000) سێ سەد هەزار دیناری بۆ مەولود خەرج دەکرد(سبط إبن الجوزي،2013،ج22/ص323 – 325) ؛ (الصقار،1992،ص80) ؛ (القصاب،2020،ص71) .

لە دوای نیوەڕۆ سولتان موزەفەرەدین کوکبوری دەگەڕایەوە بۆ خانەقا ، لە دەوروبەری (800) هەشت سەد تاوەکو (1000) هەزار سۆفی لە دەوری کۆدەبوونەوە ، گوێیان دەگرت لە مەولود خوێنەکان و گۆرانی و موناجاتی سۆفیەکان ، لە کۆتاییدا سولتان هەر یەکەیان لە نێوان (30) سی دینار و (50) دینار و (100) دیناری پێ دەدان ، ئینجا سۆفیەکان دەگەڕانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان ، ئەوانەشی حەزیان دەکرد لە شارەکە دەمانەوە بۆ چەند رۆژێکی تر(سبط إبن الجوزي،2013،ج22/ص324) ؛ (المطیعي،1911،ص67 – 68) .

**4.2 رۆلی شاعیر و مەولودخوێنانی سۆفیەکان لە مەولودەکانی هەولێر :**

هونەری ستایش و پیاهەلدان بەسەر پێغەمبەر جۆرێکە لە هونەری شیعری ئاینی ، مرۆڤەکان لە رێگایەوە گوزارشت لە هەست و سۆز و خۆشەویستی خۆیان دەکەن بۆ پێغەمبەرەکەیان ، ووشەکان لە دڵەوە هەلدەقولێت و بە خۆشەویستیەکی دلسۆزانە و راستگۆیانە دەردەبڕێت ، لەبەرئەوە بە بالاترین جۆرەکانی ئەدەب دادەنرێت ، لە سەردەمی پێغەمبەر و راشیدی هەردوو شاعیر کعب کوڕی زهیر(26ك /646ز) و حسان کوڕی ثابت(54ك / 673ز) رۆلێکی گەورەیان هەبووە لە هونەری پیاهەڵدان و ستایش کردنی پێغەمبەر(أمین،1980،ص261) ؛ (حسان،1954،ص137 – 140) ؛ (مبارك،1935،ص17) ، ئەم هونەرە لەلایەن شاعیرانی سۆفی بایەخی زۆری پێدراوە و پەرەی پێدراوە ، لە هونەری ستایش و پیاهەلدان بەسەر پێغەمبەر سۆفیەکان دەستێکی بالایان هەبووە ، بە تایبەت لە دانانی شیعر بۆ بۆنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر ، ئەمەش سوودێکی زۆری هەبووە بۆ مەولودخوێن و سروودبێژ و گۆرانی بێژەکان(سیغة،2013،ص28 – 29) .

لە سەردەمی ئەتابەگیدا ژمارەیەك لە شاعیری سۆفیگەری پەیدابوون ، مەولودخوێنەکانی شاری هەولێر لە پیاهەڵدان و ستایش کردنی خوای گەورە و پێغەمبەر لە مەولودەکانی شاری هەولێر بەکاریان هێناوە(مەلا زادە،2020،ل192) ، یەکێك لەم شاعیرانەی ناوبانگی لە شیعری ستایش و پیاهەلدان بەسەر پێغەمبەردا هەبووە ناوی الصرصري(588 – 656ك /1190 – 1258ز) بوو

، خەڵکی شاری بەغداد بوو ، شیعرەکانی لە سەردەمی جەنگی خاچ دروشمان داناوە ، مەولودخوێنەکانی هەولێر لەکاتی موناجات لەگەڵ خوای گەورە و ستایش کردنی پێغەمبەر سوودیان لێی وەرگرتووە(الكتبي،1974،ج4/ص298 – 299) ؛ (ابراهيمي و رسولي،2017،ص39) ؛ (مكي،1991،ص103 – 104) .

هەروەها شاعیر شێخ ئەبوخەتتاب کوڕی دحیە لەم سەردەمەدا ناوبانگی لە شیعری ستایش و پیاهەڵدان بەسەر پێغەمبەر هەبووە ، شاعیرێکی سۆفیگەری بەناوبانگ بووە ، لە ساڵی (604ك / 1207ز) دا لەووڵاتی مەغریب هات بۆ ووڵاتی شام ، لە دواییدا بەرەو شاری هەولێر هاتووە ، ئەم شاعیرە کاتێك بینوویەتی سولتان موزەفەرەدین کوکبوری بایەخێکی زۆر بە یادی دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) دەدا ، هەلساوە بە دانانی کتێبێك بەناوی (التنوير في مولد البشير النذير) ، پێشکەشی سولتانی کردووە بۆ ئەوەی لەکاتی ئاهەنگەکانی مەولود لە شارەکەدا سوودی لێ وەربگیرێت ، لە بەرامبەردا سولتان وەکو پاداشت هەزار دیناری ئەوکاتی پێداوە(إبن خلكان،1978،ج4/ص119) ؛ (السيوطي،1985،ص44 – 45) ؛ (العزاوي،2001،ص71) .

شاعیرێکی تری سۆفیەکان بەناوی البوصيري (608 – 695 ك / 1211 – 1298ز) کتێبێکی داناوە بە ناوی (الكواكب الدرية في مدح خير البرية) ناسراوە بە (البردة) ، هەروەها کتێبی (همزية) یشی داناوە ، ئەم دوو کتێبەی تایبەت کردووە بە شیعری ستایش و پیاهەڵدان بەسەر پێغەمبەر(الأيوبي،1995،ص118 – 119) ؛ (سلام،1971،ص228 – 229) ، ئەم شاعیرە گوڕ و تینێکی زۆری بەخشی بە شیعری پیاهەڵدان و ستایش کردنی پێغەمبەر (د.خ) ، شیعرەکانی بە شێوەی یاسا و ڕێسا شیعرەکانی ڕێکخستووە، سەرەتا بە صەلاواتدان لەسەر پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) دەستی پێکردووە و چەند جارێك دووبارەی کردووتەوە ، لە شێواز و کێش و سەروا تایبەتمەندی خۆی هەبووە (الحسين،2006،ص215) ؛ (الخطيب،1984، ص67) ؛ (فروخ،1947،ص121 – 123) ، مەولودخوێنەکانی شاری هەولێر سوودێکی زۆریان لە شیعرەکانی البوصيري وەرگرتووە ، بە تایبەت کتێبە بەناوبانگەکەی (البردة) ، بۆ نموونە شیعری : (مولاي صل وسلم دائما أبدا ، على حبيبك خير الخلق كلهم ) ، لەلایەن مەولودخوێنانی هەولێر لە مەولودەکان ووتراوە(البوصيري،د.ت،ص2) ؛ (حسين الشيخ،1993،ص91 – 92) ، هەروەها

لە شیعرێکی تری شاعیر (البوصیري) لە مەولودەکانی شاری هەولێر بەکارهاتووە بریتیە لە :
((الصبح بدا من طلعته و الیل دجی من وفرته))(البوصیري،2005،ص53)

## 3. تایبەتمەندییەکانی موناجات و موزیکی سۆفیگەری :

### 1.3 موناجات کردن بە دەنگێکی بەرز و ئاشکرا :

موناجات کردن لەگەڵ خوای گەورە لەلای سۆفیەکان بە زوبان و بەشێوەی ئاشکرا ئەنجام بدرێت، سەرەتا لە دڵەوە هەلدەقولێت و لە دواییدا بە زوبان و جەستەی دەیخاتە ڕوو ، بە مانایەکی تر لە ناخ و دەروون پەیدادەبێت ، لە دواییدا بە زوبانەکەی و جەستەی گوزارشتی لێ دەکات ، لەم حاڵەتەدا بە ڕۆح و هزر و جەستە تێکەڵی جیهانێکی تر دەبێت(عرجون،2018،ص80 – 90) .
سۆفیەکان لە شاری هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیەکان تایبەتمەندی خۆیان هەبوو لە ئەنجامدانی یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ) ، بۆ نموونە لە موناجات کردن لەگەڵ خوای گەورە لە بۆنەکانی مەولود بە دەنگێکی بەرز کردوویانە ، هەروەها سۆفیەکان زۆربەی جار بە کۆمەڵ ئەنجامی دەدەن(طلیمات،1964،ص203) ، بە بۆچوونی ئەوان پێشەوا عەلی کوڕی ئەبوتالیب هەمیشە بە دەنگێکی بەرز و ئاشکرا موناجاتی لەگەڵ خواوەندی خۆی کردووە ، یاد و زیکر و پاڕانەوەی بەم شێوەیە کردووە ، مەولودەکان لەلایەن سۆفیەکان بەم جۆرە کراوە(تەوەککولی،2015،ل210).
مەولودخوێندنەوە لەلایەن سۆفیەکان سەرەتا بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەست پێ دەکات، بە مەقاماتی تایبەت بە خۆیان کردوویانە ، لەسەر سکیلێکی موزیکی تایبەت بووە ، قورئان خوێنەکە بێ ئەوەی بزانێت سکێلی مەقامەکە چییە ، بەڵکو لە ڕێگای بیستن دووبارەی دەکاتەوە، هەروەها ئاوازەکەی زیاتر لەسەر شێوەی عەرەبی و تورکی بووە ، لە پاش قورئان خوێندنەوە ئینجا مەلودخوینەکان دەست دەکەن بە موناجات کردن و سروود ووتن ، ئەوانەی دەنگ خۆش بوون دەست نیشان دەکران بۆ ئەم کارە ، ئەمەش کاریگەری لەسەر هەست و سۆزی ئامادەبووانی مەولود دروست کردووە تەوەککولی،2015،ل210 - 213) .

## 2.3 بەکارهێنانی ئامێرەکانی موزیك لەکاتی موناجات کردن :

هەموو تەریقەت و ڕێبازەکانی سۆفی کۆك نین لە بەکارهێنانی ئامێرەکانی موزیك لەکاتی موناجات کردن لە بۆنەی مەولود ، بەڵام بەشێك لەم تەریقەتانە بەکارهێنانی ئامێری موزیکیان بە پێویست زانیووە لەم بۆنەیەدا ، لەبەرئەوەی یادێکی دلخۆشییە ، ئاوازی موزیکی خۆش چێژ و خۆشی بە ئامادەبووان دەبەخشی ، لەبەرئەوە سۆفیەکانی تەریقەتی قادری و ژمارەیەکی تر لە تەریقەتەکان لە بۆنەکانی مەولود لە شاری هەولێر موزیکیان بەکارهێناوە ، بە تایبەت ئامێرەکانی دەف و تەپل(تەوەککولی،2015،ل215 – 216) ، (طليمات،1964،ص203) ؛ (المدني،2014،ص64 – 65) .

ئامێری دەف لە ناوچە کوردنشینەکان لە سەدەی ناوەڕاست لە مزگەوت و خانەقاکان و تەکیەکان بەکارهاتوون ، یەکێکە لە ئامێرەکانی جۆری ڕەزم و کوتان ، لە کەمەیەکی داری پێك دێت ، پێستێکی تەنکی لە ڕوویەکی گیراوە ، ئەلقەی زنجیرەیی پێوەیە ، پێویستە درێژی دارەکە لە نێوان (3 – 8سم) بێت (ئەحمەد،2016،ل36) ؛ (حەمەباقی،2009،ل225 – 226) .

ئامێرێکی تری موزیك لەلایەن سۆفیەکان لە مەولودەکان بەکاردێت بریتیە لە ئامێری تەپڵ (نەقارە) ، بە هەردوو جۆرەکەیەوە یەك تەپڵ و دوو تەپڵ ، ئەم ئامێرەش لە جۆری ڕەزم و کوتانە ، یەك تەپڵ پێستی سەری گای تێ دەگیرێت ، لەسەر سێپایەکی دارینی بەرز دادەنرێت ، بە دوو داری تایبەت دەکوترێت ، لە زۆربەی خانەقا و تەکیەکانی شاری هەولێر بەکاردێت ، بە تایبەت لە کاتی ئاهەنگێڕانی مەولود لە شارەکەدا ، لە موناجات کردن و پیاهەڵدان و ستایش کردنی پێغەمبەر(ئەحمەد،2016، ل51 - 52) ؛ (حەمەباقی،2009،ل216) .

لە هەمان کاتدا ئامێری دوو تەپڵ (یان دوو تاس) بەکارهاتووە ، یەکیکیان لە ئەوەی تر گەورەترە ، بە پێستێکی تەنك گیراون ، بەهۆی پەتێکی (سیرمە) بە یەکەوە گرێدراون ، ئامێرەکە لە (گڵ) یان (دار) یان (کانزا) دروست دەکرێت ، ئەم ئامێرە لەلایەن سۆفیەکان لە خانەقا و تەکیەکانی شاری هەولێر بەکارهاتووە ، بە تایبەت لە کاتی مەولود کردن ، هەروەها لە چەند بۆنەیەکی تر سوودی لێ وەرگیراوە وەکو جەنگ و مانگ گیران و خۆرگیران و ڕووداوە سروشتیەکانی وەکو لافاو و بوومەلەرزە(ئەحمەد ،2016،ل58 – 61) ؛ (نصرالله پور،2007،ل200) .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

**3.3 سەماکردن و خولانەوەی سۆفیانە لەگەڵ موناجات کردن و موزیك :**

ئەم جۆرە سەماکردنە زۆر جار بە سەمای بیستن و گوێگرتن (سەماع) ناسراوە ، سەمای سۆفیانە لەلایەن تەریقەتەکانی قادری و نەقشبەندی بە (سەمای دەروێشانە) یان (حال) ناسراوە، شێوەکەی لەگەڵ تەریقەتەکانی مەولەوی و بەکتاشی و ڕەفاعی جیاوازە(تەوەککولی،2015،ل98، 210، 214) ؛ (وەزیری،2009،ل205 – 206)

سەرەتای دەرکەوتنی سەمای سۆفی لەسەردەستی جەلالەدین ڕۆمی(672ك / 1273ز) بووە ، ئەم جۆرەیان ناسراوە بە (سەماکردنی مەولەوی) ، ئەم شێوە سەماکردنە بە بازنەیی یان خولاوی ئەنجام دەدرێت ، ئەم سەماکردنە لە سەدەکانی ناوەڕاست لەناو بەشێك لە ئاینەکان پەیڕەو کراوە ، بە تایبەت سۆفیەکانی مەسیحی ئەم جۆرە سەماکردنەیان هەبووە(تاقانە،2008،ل17) ؛ (شیمل،2006،ص209 – 2010) ؛ (الطيب،2007، ص113 – 114) ؛ (عروسي،2015،ص68).

سەمای سۆفی بریتیە لە خولانەوەی ڕۆح لەگەڵ جەستە ، وەستانی ڕۆحی سۆفیەکەیە لەگەڵ خواوەندەکەی(ترمنجهام،1997،ص289) ، بێگومان سەماکردن و خولانەوە لەلایەن سۆفیەکان لەکاتی موناجات کردن لە بۆنەکانی ئاینی و بەتایبەت لە مەولود ئەنجام دراوە ، ئەم بابەتەش لەناو هەموو تەریقەتەکانی سۆفی نەبووە ، بەڵکو تەریقەتەکانی قادری و مەولەوی و بەکتاشی و نەقشبەندی ئەم کارەیان کردووە ، لەگەڵ ئەوەی لە شێوازی جێ بەجێ کردنی جیاوازی لە نێوانیان هەبووە ، ئەم سەماکردنە بەشێکی سەرەکی کۆڕی یادی خوا و موناجاتی سۆفی لە مەولود و بۆنە ئاینیەکان بووە ، سۆفی لە ڕێگایەوە ڕۆح و جەستەی تێکەلی یەك بووە(الدليمي،1994،ص50) .

سۆفیەکان موزیك و سەماکردن بە هۆکارێکی گرنگ دەزانن بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی ڕۆحیان لەگەڵ خوای گەورە ، هەروەها ڕاکێشانی خەلکێکی زۆر بۆ ناو ئاینی ئیسلام ، لایەنی ئاواز و دەنگ لەلای سۆفیەکان هۆکارێکی گرنگە بۆ بەهێزکردنی لایەنی باوەڕ و سۆزداری و دەروونی بەندەکان، لەبەرئەوە بایەخێکی زۆریان بە دەنگ خۆشی و ئاواز و مەقامەکان داوە لە زۆربەی بۆنەکاندا(المعبدي،2008،ص318) ؛ (شیمل،2006،ص205 – 206) .

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

سۆفی لەژێر کاریگەری ڕیتمی موزیکی و سەماکردن پەیوەندی لەگەڵ خوای گەورە دروست دەکات ، هەروەها بە ڕۆح و جەستە لە ڕێگای سەماکردن و خولانەوە تێکەلی جیهانی باوەڕ دەبێت، خۆشەویستی خۆی بۆ خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی دەردەبڕێت ، بەم شێوەیە موناجات کردن لەلای سۆفیەکان بە دڵ و زوبان و جەستە دەبێت ، هەموویان تێکەڵی یەکتر دەبێت ، حالەتێکی جیاواز لەلای سۆفیەکان دروست دەکات ، هەست و سۆز و چێژ لە ناخدا پەیدادەکات ، لەم حالەتدا سۆفی جیاواز لەگەڵ موسلمانەکانی تر بە تام و چێژەوە بەندایەتی خۆی دەکات(قنديل،2004،ص9 – 10) ؛ (المدني،2014،ص20 – 23) .

### 4.3 موناجات کردن و زیکرکردن بەشێوەی بەپێوە ڕاوەستان :

هەروەها لە تایبەتمەندییەکانی سۆفیەکان لەکاتی مەولود کردندا لە موناجات کردن و زیکرکردن بەشێوەی بەپێوە ڕاوەستان ئەنجامی دەدەن ، بە تایبەت کاتێك بە کۆمەڵ دەیکەن ، موناجات کردن و یادکردنەوەی خوای گەورە (زیکر) لەلای سۆفیەکان بە واتای سوپاسکردنی خوای گەورە دێت بە پێدانی هەموو نیعمەتەکان ، لە سەرووی هەموویانەوە ناردنی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) بۆ ناو موسلمانان ، هەروەها موسلمان بوونی ئەوان بە نیعمەتە گەورەکانی دەزانن ، لەبەرئەوە ئەم یادکردنەوە لە مەولود بە پێویست دەزانن ، بەکۆمەڵ کردن لەلای ئەوان تام و چێژی تایبەتی هەیە ، بەشێوەی بە پێوە ڕاوەستان دەیکەن ، ئەم جۆرە یادکردنەوەیە سۆفیەکان لە موسلمانانی تر جیا دەکاتەوە(قنديل،2004،ص8 – 9) ؛ (نەقشبەندی،2006،ل283).

ئەنجامدانی موناجات کردن و زیکرکردنی خوای گەورە لەلایەن سۆفیەکان بەشێوەی ئاشکرا دەبێت ، هەروەها خولانەوە و سەماکردنی لەگەڵ دەبێت ، هەندێك لە ئامێرەکانی موزیکی بەکاردێت ، ئەمەش شتێکی باوە لەلای تەریقەتەکانی سۆفیگەری وەکو قادری و مەولەوی و ڕەفاعی ، پەیدابوونی ئەم جۆرە موناجات کردن و موزیکە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی عەبدولقادری گەیلانی و جەلالەدین ڕۆمی و سەید ئەحەد ڕەفاعی(مەعروف،2015،ل39 – 40).

شێوازی یادکردنەوەی خوای گەورە و موناجات کردن لەلایەن سۆفیەکان لە سەردەمی تەریقەتدا بە خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز دەستی پێکردووە ، پاشان مەولودخوێنەکان دەستیان کردووە بە ستایش کردن و پیاهەلدان بەسەر خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی ، باس کردنی ئیسلام و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

مێژووەکەی ، هەروەها لەم کاتەدا سۆفیەکان چەند وویردێك دەخوێنن ، وەکو: (الله) و (لا اله إلا الله) و (لاحول ولا قوه إلا بالله) و (سبحان الله) ، پاشان سۆفیەکان چەند جارێك صەلاوات لەسەر پێغەمبەر لێ دەدەن و دووبارەی دەکەنەوە ، هەروەها لەگەلیدا ئامێرەکانی موزیك وەکو دەف و تەپڵ بەکاردێنن ، زۆر جاریش سەماکردن و خولانەوەی دەکەن ، لە کۆتاییدا دەست دەکەن بە پاڕانەوە لە خوای گەورە و دوعاکردن و خوێندنەوەی فاتیحە(تەوەککولی ،2015،ل97 ، 210 ، 300) ؛ (قندیل،2004،ص361 – 362) .

## دەر ئەنجام :

1 - سۆفیگەری ئیسلامی رەوتێکی رۆحی ئاینییە ، لە دوای کۆچی دوایی کردنی پێغەمبەر موحەممەد (د.خ) لەناو موسلمانان پەیدابوو ، لە سەدەکانی سێیەم و چوارەم گەشەی سەندووە ، سەرەتا بە زوهد و خواپەرستی دەستی پێکرد ، لە دواییدا فەلسەفەی میللەتانی تری تێکەوت ، هەروەها ژمارەیەك لە رێگا و تەریقەتی لێ پەیدابوو.

2 - دەرکەوتنی رێبازی سۆفیگەری لە شاری هەولێر دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی سولتان موزەفەرەدین کوکبوری ، هەروەها ئەم سولتانە رۆلی هەبوو لە داهێنانی یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) لە شارەکەدا .

3 - پەیدابوونی مەولود کاریگەری هەبوو لە دەرکەوتن و پێشکەوتنی موناجات و موزیکی سۆفیگەری لە شارەکەدا ، هەروەها تەریقەتەکانی سۆفیگەری رۆلیان هەبوو لە بەردەوام بوون و بەرەوپێشچوونی بۆنەکانی یادکردنەوەی لە دایکبوونی پێغەمبەر (مەولود) و موناجات و موزیکی سۆفیگەری .

4 - شاری هەولێر لە سەردەمی ئەتابەگیەکان ناوەند و مەلبەندی ئەم یادکردنەوە و کۆبوونەوەی سۆفیەکان و موناجات و موزیکی سۆفیگەری بووە ، لەبەرئەوە بە شاری ئایینداری و عاشقانی پێغەمبەر ناسراوە .

5 - ئاهەنگەکانی یادکردنەوەی مەولود سالانە لە شاری هەولێر ساز دەکرێت ، موسلمانان خۆشی خۆیان دەردەبڕن و موناجات و موزیکی سۆفیگەری پێشکەش دەکرێت، ئامێرەکانی موزیك بەکاردێت و سەمای سۆفیگەری دەکرێت.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

6 - موناجات و موزیکی سۆفیگەری بەشێکی گرنگی موزیکی ئاینیە ، لە یەك کاتدا ڕۆح و مێشك و جەستە تێکەلی عیشق و خۆشەویستی خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی دەبێت ، لەگەڵ ووشەکان ئاواز و ڕیتم و فۆرم و تێکست ڕۆلی خۆی دەبینێت .

7 - ئەم موناجات و موزیکە چەند تایبەتمەندییەکی هەیە لە بەکارهێنانی لە مەولود جیادەکرێتەوە لە موزیکەکانی تر ، لی جۆری ئامێری موزیك و شێوەی پێشکەش کردنی موناجات و گۆرانی و سروودەکان، ئەو تێکستەی بەکاردێت ، هەروەها ڕیتم و ئاواز .. هتد .

## سەرچاوەکان:

**یەکەم: سەرچاوە ڕەسەنەکان:**

1. البوصيري , شرف الدين أبوعبدالله محمد بن سعيد بن حماد (ت695هـ / 1295م) . (د.ت.) . شرح بردة المديح . القاهرة , مصر : دار القرآن .
2. البوصيري , شرف الدين أبوعبدالله محمد بن سعيد بن حماد (ت695هـ / 1295م) . (2005) . ديوان البوصيري . بيروت , لبنان : دار الكتب العلمية .
3. التاذفي , محمد بن يحيى (ت963هـ / 1565م) . (1956) . قلائد الجواهر في مناقب عبدالقادر . القاهرة , مصر : مطبعة مصطفى البابي الحلبي و أولاده.
4. الجامي , أبوالبركات عبدالرحمن (ت898هـ / 1492م) . (1989) . نفحات الانس من حضرات القدس . القاهرة , مصر : الشئون الفنية لمكتب شيخ الازهر .
5. إبن الجوزي , جمال الدين أبوالفرج عبدالرحمن (ت597هـ / 1200م) . (1982) . تلبيس إبليس . بيروت , لبنان : دار القلم .
6. إبن خلدون , عبدالرحمن (ت808هـ / 1406م) . (2001) . مقدمة . بيروت , لبنان : دار الفكر للطباعة.
7. إبن خلكان , أبوالعباس شمس الدين أحمد بن محمد بن أبوبكر (ت681هـ / 1284م) . (1978) . وفيات الأعيان و أنباء أبناء الزمان . تحقيق: إحسان عباس . بيروت , لبنان : دار صادر .
8. إبن دحية , عمر بن الحسين بن علي بن محمد (ت633هـ / 1235م) . (2020) . التنوير في مولد السراج المنير و البشير و النذير . أربيل , العراق : مطبعة جامعة صلاح الدين .
9. سبط إبن الجوزي , شمس الدين أبوالمظفر يوسف بن قزاوغلي (ت654هـ / 1257م) . (2013) . مرآة الزمان في تواريخ الأعيان . دمشق , سورية : دار الرسالة العالمية .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

10. السهروردي , شهاب الدين أبوحفص عمر (ت632هـ / 1234م) . (1971) . عوارف المعارف . تحقيق: عبدالحليم محمود و محمود بن الشريف . القاهرة , مصر : مطبعة السعادة .
11. السيوطي , جلال الدين عبدالرحمن (ت911هـ / 1516م) . (1985) . حسن المقصد في عمل المولد . تحقيق: مصطفى عبدالقادر عطا . بيروت , لبنان : دار الكتب العلمية.
12. أبوشامة , شهاب الدين أبومحمد عبدالرحمن بن إسماعيل (ت665هـ / 1266م) . (1981) . الباعث على إنكار البدع و الحوادث . مكة المكرمة , السعودية : مطبعة النهضة الحديثة .
13. الصفدي , صلاح الدين (ت764هـ / 1363م) . (1991) . رسالة في علم الموسيقا . القاهرة , مصر : الهيئة المصرية العامة للكتاب .
14. الطوسي , أبونصر السراج (ت378هـ / 988م) . (1960) . اللمع . تحقيق: عبدالحليم محمود و طه عبدالباقي سرور . القاهرة , مصر : دار الكتب الحديثة .
15. إبن عربي , محي الدين محمد بن علي (ت638هـ / 1240م) . (1977) . إصطلاحات الصوفية . القاهرة , مصر : مكتبة عالم الفكر .
16. القاشاني , كمال الدين عبدالرزاق بن أحمد (ت735هـ / 1334م) . (1950) . إصطلاحات الصوفية . تحقيق: محمد كمال ابراهيم . قم , إيران : مطبعة أمير .
17. القزويني , زكريا بن محمد بن محمود (ت682هـ / 1283م) . (د.ت) . آثار البلاد و اخبار العباد . بيروت , لبنان : دار صادر .
18. القشيري , أبوالقاسم عبدالكريم بن هوزان (ت465هـ / 1072م) . (2001) . الرسالة القشيرية . بيروت , لبنان : دار الكتب العلمية .
19. الكتبي , محمد بن شاكر (ت764هـ / 1362م) . (1974) . فوات الوفيات والذيل عليها . تحقيق: إحسان عباس . بيروت , لبنان : دار صادر .
20. إبن كثير , عمادالدين أبوالفداء إسماعيل بن عمر (ت774هـ / 1372م) . (1998) . البداية و النهاية . تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسن التركي . جيزة , مصر : دار هجر للطباعة .
21. الكلاباذي , أبوبكر محمد بن إسحق (ت380هـ / 990م) . (1994) . كتاب التعرف لمذهب أهل التصوف . القاهرة , مصر : مكتبة الخانجي
22. إبن المستوفي , شرف الدين أبوالبركات المبارك بن أحمد (ت637هـ / 1239م) . (1980) . تاريخ أربل (المسمى نباهة البلد الخامل بمن ورده من الاماثل) . تحقيق: سامي بن السيد خماس الصقار . بغداد , العراق : دار الرشيد .

23. المقريزي , تقي الدين أبوالعباس أحمد بن علي بن عبدالقادر (ت845هـ / 1441م) . (1998) . كتاب المواعظ و الاعتبار بذكر الخطط و الآثار المعروف بالخطط المقريزية . بيروت , لبنان : دار الكتب العلمية .
24. إبن منظور , أبوالفضل جمال الدين محمد بن مكرم (ت711هـ / 1311م) . (د.ت) . لسان العرب . بيروت , لبنان : دار صادر .
25. الهجويري , أبوالحسن علي بن عثمان (ت465هـ / 1072م) . (2007) . كشف المحجوب . ترجمة: إسعاد عبدالهادي قنديل . القاهرة , مصر : المجلس الأعلى للثقافة .
26. إبن هشام , أبومحمد عبدالملك (ت218هـ / 833م) . (1989) . السيرة النبوية . تحقيق: عمر عبدالسلام تدمري . بيروت , لبنان : دار الكتاب العربي .

**دووەم: سەرچاوە لاوەکیەکان:**

**أ – سەرچاوە کوردییەکان :**

27. ئەحمەد , وریا . (2016) . ئامێرەکانی موزیکی کوردی . هەولێر , عێراق : چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین.
28. ئیسماعیل , زبیر بلال . (2018) . شێخی چۆلی . هەولێر , عێراق : نووسینگەی تەفسیر .
29. بەرزنجی , عەبدولڕەحمان بێلاف . (2002) . تەریقەتی نەقشبەندی بنەما و ئامانجەکان . هەولێر , عێراق : چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
30. بەرزنجی , عەبدولڕەحمان بێلاف . (2019) . چەند بابەتێکی زانستی تەسەووف . هەولێر , عێراق : چاپخانەی ناوەندی فێربوون .
31. بێدار , جمال حبیب الله . (2013) . دەروازەی شیعرناسین , عێراق : چاپخانەی دەزگای نارین .
32. تاقانە , ئەحمەد . (2008) . جەلالەدینی ڕۆمی و سروودی نەی . هەولێر , عێراق : دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس .
33. تەوەککولی , محمد ڕەئووف . (2015) . مێژووی تەسەوف لە کوردستان . وەرگێڕانی: یوسف زاهیر هەورامی . هەولێر , عێراق : چاپخانەی ڕۆژهەلات .
34. حەمەباقی , محەمەد . (2009) . مێژووی موزیکی کوردی . هەولێر , عێراق : چاپخانەی هێڤی .
35. خادم سوجادە , زەینەب خان مەلا ڕەئووف . (2021) . مەولوودنامەی پێغەمبەر (د.خ) . وەرگێڕانی: شێرزاد شێخ محەمەد . هەولێر , عێراق : چاپخانەی فێربوون .

36. شکار , سەبور عەبدولکەریم . (2009) . ڕەنگدانەوەی کەسێتی و دنیابینی حەللاج لە شیعری کلاسیکی کوردی و فارسیدا بە تایبەت لای مەحوی و حافزی شیرازی . سلێمانی , عێراق : چاپخانەی کەمال .
37. شاکەلی , ئەمجەد . (2019) . خوێندنەوەیەکی سۆفیگەری و تەریقەتی نەقشبەندی . هەولێر , عێراق : ڕێکخراوی هاوسانی بۆ پەروەردە و فێرکردن .
38. شمیل , ئانا ماری . (2020) . مێژوو و ڕەهەندەکانی سۆفیگەری لە ئیسلامدا . وەرگێڕانی: زانا ناجی و هیوا مەحموود . سلێمانی , عێراق : چاپخانەی تاران .
39. شوان , ئیبراهیم ئەحمەد . (2014) . سۆفیگەری سوننی و فەلسەفی لە شیعرەکانی جزیری و مەحویدا . ئامادەکردنی: دارا حمید محەمەد و ئیبراهیم کوێخا محەمەد . کەرکوك , عێراق : چاپخانەی کارۆ .
40. شوان , ئیبراهیم ئەحمەد . (2001) . سۆفیگەری شیعری ئاینی و سۆفیگەری لە شیعرە کوردییەکانی مەحویدا . هەولێر , عێراق : چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
41. شوان , ئیبراهیم ئەحمەد . (2021) . شیعری سۆفیانە لە ئەدەبی کۆنی کوردیدا . هەولێر , عێراق : چاپخانەی نووسینگەی تەفسیر .
42. صالح , عبدالغفار . (2011) . حوکمی مەولود خوێندنەوە و ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی لە دایك بونی باشترینی پێغەمبەران . سلێمانی , عێراق : چاپخانەی زانا .
43. عەبدوڵلا , ئیدریس . (2017) . دەقی ئەدەبی . هەولێر , عێراق : چاپخانەی رۆشنبیری .
44. عەلی , جەعفەر . (2013) . سۆفیزم و کاریگەری لە بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورددا(1880 – 1925) . هەولێر , عێراق : چاپخانەی رۆژهەلات .
45. گەیلانی , عبدالرزاق . (2003) . شێخ عبدالقادری گەیلانی ئیمامی زاهید و پێشەنگ . وەرگێڕانی : ئیبراهیم ئەحمەد شوان . هەولێر , عێراق : چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە .
46. لەشکری , حەیدەر . (2021) . واهیمەکانی شێخەکان و خەیالدانی حاجی . هەولێر , عێراق : ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .
47. محەمەد , ئومێد محێیەدین . (2010) . چەرخ و مێژووی هونەری مۆسێکا لە ئەوروپادا . هەولێر , عێراق : چاپخانەی رۆشنبیری .
48. مدرس , عبدالكريم . (1982) . شەش مەلودنامەی پێغەمبەر . بەغداد , عێراق .

49. مەعروف , شێرزاد ئەحمەد . (2015) . تایبەتمەندی ریتم و میلۆدی لە تەریقەتی قادری دا لە شاری هەولێر . نامەی ماستەر . هەولێر , عێراق : زانکۆی سەلاحەدین – کۆلیژی هونەرە جوانەکان .
50. مەعروف , کەمال . (2012) . دیوانی عاصم . هەولێر , عێراق : چاپخانەی رۆشنبیری.
51. مەلا زادە , رێبوار محەمەد . (2020) . تیۆری ئەدەبی دەقی شیعری کوردی لە تیۆری ئەدەبیدا . هەولێر , عێراق : ناوەندی ئاودێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە .
52. موفتی , حەسەن خالید . (2016) . پێگەی زانستی تەصەووف لە بازنەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا . هەولێر , عێراق : چاپخانەی حاجی قادری کۆیی .
53. موفتی , حەسەن خالید . (2012) . مەولوودنامەی پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم لە ڕوانگەی شەریعەتی ئیسلامەوە . هەولێر , عێراق : چاپخانەی حاجی هاشم .
54. میراودەلی , کەمال . (1979) . فەلسەفەی جوانی و هونەر . سلێمانی ,عێراق : چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
55. مەولوود , عەبدوڵلا خدر . (2004) . لێکۆلینەوەیەك لە شیعری حەمدی . هەولێر , عێراق : چاپخانەی رۆشنبیری .
56. نصرالله پور , علی ئەسغەر . (2007) . ئامێری موزیکی کوردان .
57. نەقشبەندی , عەبدولفەتاح شیخ عەبدوڵلا . (2006) . ڕێبواری ڕێگەی تصوف . هەولێر , عێراق .
58. وەزیری , ئەمیر . (2009) . نەقشبەندی لە کوردستان . وەرگێڕانی: عەلی میرزا و عارف هەورامی . سلێمانی , عێراق : خانەی وەرگێڕان .

**ب – سەرچاوە عەرەبیەکان :**

59. ابراهيم , محمد زكي . (1989) . أبجدية التصوف الاسلامي . القاهرة , مصر : مؤسسة أحياء التراث الصوفي .
60. ابراهيمي و رسولي , عزت ملا و علي . (2017) . تداعيات المدائح النبوية على البيئة في العصر المملوكي . مجلة كلية التربية الأساسية للعلوم التربوية و الانسانية – جامعة بابل . بابل , العراق . العدد : 34 , ص ص 30 – 45 .
61. أمين , بكري الشيخ . (1980) . مطالعات في الشعر المملوكي و العثماني . بيروت , لبنان : دار الآفاق الجديدة .
62. الأيوبي , ياسين . (1995) . آفاق الشعر العربي في العصر المملوكي . طرابلس , لبنان : جروس پرس.
63. بدوي , عبدالرحمن . (1975) . تاريخ التصوف الاسلامي من البداية حتى نهاية القرن الثاني . الكويت , الكويت : وكالة المطبوعات .
64. بريل , أ.جي . (1998) . موجز دائرة المعارف الاسلامية . ترجمة: نخبة من أساتذة الجامعات المصرية و العربية . الشارقة , الامارات العربية المتحدة : مركز الشارقة للابداع الفكري .

65. تراسون , أبوالخير . (2002) . التصوف في القرن الثاني و الثالث الهجريين و موقف الفقهاء الأربعة منه . أطروحة دكتوراه . مكة المكرمة , السعودية : جامعة أم القرى – كلية الدعوة و أصول الدين .
66. ترمنجهام , سبنسر . (1997) . الفرق الصوفية في الاسلام . ترجمة: عبدالقادر البحراوي . بيروت , لبنان : دار النهضة العربية .
67. جريوي , عبدالحميد . (2013) . شعرية الخطاب في المناجاة الصوفية في القرن الرابع الهجري . أطروحة دكتوراه . باتنة , الجزائر : جامعة باتنة (الحاج خضر) – كلية اللغة العربية و آدابها .
68. حدود , منى حسن . (2020) . الاحتفالات و الأعياد في مصر خلال العصر الفاطمي (358 – 567 ه / 969 – 1171م) . مجلة كلية الآداب – جامعة الزاوية . الزاوية , ليبيا . العدد : 29 , ص ص416 - 442.
69. حسان , عبدالحكيم . (1954) . التصوف في الشعر العربي نشأته و تطوره حتى آخر القرن الثالث الهجري . القاهرة , مصر : مطبعة الرسالة .
70. حسين , محسن محمد . (1976) . أربيل في العهد الأتابكي (522 – 630ه / 1128 – 1233م) . بغداد , العراق : مطبعة أسعد .
71. الحسين , قصي . (2006) . الأدب العربي في العصرين المملوكي و العثماني . طرابلس , لبنان : المؤسسة الحديثة للكتاب ناشرون .
72. حسين الشيخ , عزالدين . (1993) . الأدب الشرعية في جواز الاحتفال بميلاد خير البرية . ديرالزور , سورية .
73. الحفني , عبدالمنعم . (1992) . الموسوعة الصوفية أعلام التصوف و المنكرين عليه و الطرق الصوفية . القاهرة , مصر : دار الرشاد .
74. الخطيب , علي . (1984) . إتجاهات الأدب الصوفي بين الحلاج و إبن عربي . القاهرة , مصر : دار المعارف .
75. خفاجي , محمد عبدالمنعم . (د.ت) . الأدب في التراث الصوفي . القاهرة , مصر : دار غريب للطباعة.
76. الدليمي , لطفية . (1994) . موسيقى صوفية . بغداد , العراق : دار الشؤون الثقافية العامة .
77. دهاش , الصادق . (2012) . المصطلح و المصطلحية عند الصوفية . مجلة حوليات التراث – جامعة عبدالحميد بن باديس . مستغانم , الجزائر . العدد : 12 , ص ص 67 - 79 .
78. السحمراني , أسعد . (1987) . التصوف منشؤه و مصطلحاته . بيروت , لبنان : دار النفائس .
79. سلام , محمد زغلول . (1971) . الأدب في العصر المملوكي . القاهرة , مصر : دار المعارف .
80. السندوبي , حسن . (1948) . تاريخ الاحتفال بالمولد النبوي من عصر الاسلام الأول إلى عصر فاروق الأول . القاهرة , مصر : مطبعة الاستقامة .
81. السيابي , أحمد بن سعود . (2005) . المولد النبوي نظرة تصحيحية في الأحداث و الوقائع . بهلا , سلطنة عمان : مطبعة الغبيراء .
82. سيغة , عبلة . (2013) . الصورة الشعرية في المديح النبوي الشاعر حسان بن ثابت أنموذجا . رسالة ماجستير . أم البواقي , الجزائر : جامعة محمد العربي بن مهيدي – كلية الآداب و اللغات و العلوم الاجتماعية و الانسانية .
83. شيمل , آنا ماري . (2006) . الأبعاد الصوفية في الاسلام و تاريخ التصوف . ترجمة: محمد إسماعيل السيد و رضا حامد قطب . بغداد , العراق : منشورات الجمل .
84. الصبار , النميري بن محمد . (2010) . إتحاف القاري بالرد على مبيح الموسيقى و الأغاني . الرياض , السعودية : دار التوحيد للنشر .
85. الصقار , سامي بن السيد خماس . (1992) . امارة إربل في العصر العباسي و مؤرخها إبن المستوفي . الرياض , السعودية : دار الشواف .

86. طليمات , عبدالقادر أحمد . (1964) . مظفرالدين كوكبوري أمير أربل . القاهرة , مصر : مطبعة مصر.
87. الطيب , محمد . (2007) . إسلام المتصوفة . بيروت , لبنان : دار الطليعة .
88. عرجون , محمد الصادق إبراهيم . (2018) . التصوف في الاسلام منابعه و أطواره . دمشق , سورية : دار القلم .
89. عروسي , سهيل . (2015) . التصوف بين الفقه و الايديولوجيا . دمشق , سورية : الهيئة العامة السورية للكتاب .
90. العزاوي , عباس . (2001) . أربل في مختلف العصور اللواء و المدينة . بغداد , العراق : شركة الخنساء للطباعة .
91. عفيفي , أبوالعلاء . (د.ت) . التصوف الثورة الروحية في الاسلام . بيروت , لبنان: دار الشعب للطباعة.
92. غني , قاسم . (2017) . تاريخ التصوف في الاسلام . ترجمة : صادق نشأت . دمشق , سورية : دار نينوى للدراسات و النشر .
93. فتاح , عرفان عبدالحميد . (1993) . نشأة الفلسفة الصوفية و تطورها . بيروت , لبنان : دار الجيل .
94. فروخ , عمر . (1947) . التصوف في الاسلام . بيروت , لبنان .
95. فؤاد , فاطمة . (1997) . السماع عند صوفية الإسلام . القاهرة , مصر : الهيئة المصرية العامة للكتاب.
96. قريب الله , حسن الشيخ الفاتح الشيخ . (2003) . في الزهد و التصوف . بيروت , لبنان : دار الجيل.
97. القصاب , خسرو پيربال . (2020) . مظفرنامة – السلطان مظفرالدين كوكبوري أمير أربل . أربيل , العراق : مطبعة وزارة الثقافة إقليم كوردستان .
98. قنديل , إسعاد عبدالهادي . (2004) . السماع عند الفرس و العرب . د.م .
99. كمال , لعور . (2022) . حركة التصوف الاسلامي في ميزان الاستشراق . مجلة جيل الدراسات الأدبية و الفكرية . الشلف , الجزائر . العدد : 76 , ص ص 109 - 122.
100. مبارك , زكي . (1935) . المدائح النبوية . القاهرة , مصر : دار المحجة البيضاء .
101. متز , آدم . (2008) . الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري . ترجمة : محمد عبدالهادي أبو ريدة . القاهرة , مصر : المركز القومي للترجمة .
102. محمد , قويسم . (2017) . الاحتفالات بالمولد النبوي الشريف في منطقة تلمسان خلال العهد الزياني (633 – 962هـ / 1235 – 1554م) . مجلة الحوار المتوسطي – جامعة الجيلالي ليابس . سيدي بلعباس , الجزائر . العدد : 76 , ص ص 509 - 518.
103. المدني , محمد . (2014) . الموسيقى الدينية . دمشق , سورية : دار كنعان .
104. المطيعي , محمد بخيت . (1911) . أحسن الكلام فيما يتعلق بالسنة و البدعة من الأحكام . القاهرة , مصر : مطبعة كردستان العلمية .
105. المعبدي , حنان عطيةالله ضيف الله . (2008) . التصوف و آثاره في تركيا إبان العصر العثماني . أطروحة دكتوراه . مكة المكرمة , السعودية : جامعة أم القرى – كلية التربية للبنات .
106. مكي , محمود علي . (1991) . المدائح النبوية . القاهرة , مصر : دار نوبار للطباعة.
107. مولاي , ناجم . (2012) . مفهوم الانسان الكامل في الفكر الصوفي . مجلة العلوم الانسانية و الاجتماعية – جامعة قاصدي مرباح . ورقلة , الجزائر . العدد : 7 , ص ص 131 - 148.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٩) – ژمارە(٢)، هاوین ٢٠٢٤
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# Monologues and Sufi Music in the Celebrations of the Prophets birthday in Erbil during the Atabic

**Idris Hakim Abdulrahman**
Department of Music, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.
edris.abdulrahman@su.edu.krd

**Dr. Ari Kakil Mohmedtaher**
Department of Plastic Arts, College of Fine Arts, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ari.mohmedtaher@su.edu.krd

**Ihsan Shkr Zalzala**
Department of Music, College of Fine Arts, University of Baghdad, Baghdad, Iraq.
ihsan.zalzala@bu.edu.iq

**Keywords:** *Monologues, Music, Sufism, Atabic, Birthday.*

## Abstract
This research is concerned with monologues and Sufism Music, in the ceremonies of the Prophet’s birthday celebrations in the city of Erbil during the Atabek era (522 – 630 H / 1128 – 1233) . In the activation and continuity of the honorable Prophet’s birth in that city, and at the same time the Muslims tasted this kind of Islamic art, and it was a tool to increase their faith, consolidate their faith, and show their love for the Noble Messenger.
Sufism Monologues and music have characteristics that distinguish them from other types of religious music. These Monologues, dhikr, supplications, and prayers upon the Messenger were made by the Sufi with a loud voice, accompanied by Sufism dancing and spinning in a circular shape. Musical instruments are also used such as tambourine and percussion, especially in Occasions of the Prophet's birthday.
The events of the Prophet’s birthday were held annually in the city of Erbil officially by Sultan Muzaffar al-Din Kawkapuri(563 – 630 H / 1168 – 1233 ), and

for this purpose, Sufi guests (readers of praise (prayers), poets, writers, scholars, ascetics and worshipers) flocked from most of the neighboring regions to participate and contribute to this memory.

---

## مناجاة و موسيقى الصوفية في إحتفالات المولد النبوي الشريف في مدينة أربيل خلال العهد الأتابكي

**ملخص:**

هذا البحث يخص المناجاة و الموسيقى الصوفية في مراسيم إحتفالات المولد النبوي الشريف في مدينة أربيل خلال العهد الأتابكي(522 – 630هـ / 1128 – 1233م) ، وظهر هذا النوع من الموسيقى الدينية في أربيل خلال فترة حكم السلطان الأتابكي مظفرالدين كوكبوري(563 – 630هـ / 1168 – 1233م) ، ولعبت هذه الموسيقى دورا مهما في تنشيط و استمرارية المولد النبوي الشريف في تلك المدينة، وفي الوقت نفسه تذوق المسلمين بهذا النوع من الفن الاسلامي ، وكانت أداة لزيادة أيمانهم و ترسيخ عقيدتهم و إظهار محبتهم للرسول الكريم .

وكانت تقام مناسبات المولد النبوي سنويا في مدينة أربيل بشكل رسمي من قبل السلطان مظفرالدين كوكبوري ، ولهذا الغرض تتوافد الضيوف الصوفيون من قراء المديح (المداح) و الشعراء و الكتاب و العلماء و الزاهدون والعابد من أغلب المناطق المجاورة للمشاركة و المساهمة في هذه الذكرى الشريفة .

المناجاة و الموسيقى الصوفية لها خصائص تميزها عن الأنواع الأخرى من الموسيقى الدينية ، وكانت هذه المناجاة و الذكر و الدعاء و الصلوات على الرسول عند الصوفي بالصوت العالي ، ويرافقها الرقص الصوفي و الدوران على شكل دائري ، وتستخدم الآلات الموسيقية أيضا مثل الدف و النقارة ، وخاصة في مناسبات المولد النبوي الشريف .